گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper30
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٣/١٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٥/٢٣
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# ڕۆڵی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی قەیراندا، لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسان

گەشاو علی فرج[1] - عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا[2] - منصور نورالدین حسن[3]
gashaw.faraj@epu.edu.iq abdulkhaliq.mstaffa@epu.eduiq mansoor.hasan@epu.edu.iq
[1+2+3]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

وتەبێژی میدیایی پێگەیەکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە دامەزراوەکانی حکومەتدا بەتایبەت لە کاتی قەیرانەکاندا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی ڕۆڵی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانە لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕاپێوی بەکارهێناوە بە پشتبەستن بە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە، پاش ئامادەکردن و ڕێکخستنی پرسیارو بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە، فۆرمەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی گوگل فۆرمەوە لە بەشێک لە گروپ چاتەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەنوسان بڵاوکردەوە پاش پێداچونەوەی فۆرمەکە تەنها(70) ڕۆژنامەنوس بە دروستی وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە کە بەشێکی زۆر لە سامپلی توێژینەوەکە متمانەیان بەو هەواڵ و زانیارییانە لاوازە کە وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان دەیگوازنەوە و پێیانوایە ئەو وتەبێژانە ڕۆڵیان لاواز بوە لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

وشەکلیلەکان: ڕۆڵ، وتەبێژی میدیایی، بەڕێوەبردنی قەیران، دامەزراوە.

**پێشەکی:**

لە چەند ساڵی ڕابردودا هەرێمی کوردستان گیرۆدەی چەندین قەیران بو، لەوانە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، قەیرانی ئابوری و دارایی و ناکۆکیی سیاسیی نێوان هێزە حکومڕانەکان، دامەزراوە فەرمییەکانی

هەرێمی کوردســــتان لە ڕێگەی دانانی وتەبێژیی میدیاییەوە، بەســــودوەرگرتن لە جەماوەریبونی ئامرازەکانی میدیا بە کەمترین کات بگەنە ڕێژەیەکی زۆری جەماوەر بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری گرنگ و پێویســــت ســەبارەت بە پرس و پێشــهاتەکان لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بۆ ئاڕاســتەکردنی ڕای گشــتی بۆ تێگەیشــتن و هەڵوێستی دروست لەمەڕ قەیرانەکاندا.

وتەبێژی میدیایی لەکاتی قەیرانەکاندا لە هەمو کاتێک زیاتر دەردەکەون، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو پەیوەندییە ڕاســتەوخۆیەی لەنێوان بەرپرســیاریەتی وتەبێژیی میدیایی و پێویســتییەکانی بەڕێوەبردنی قەیراندا هەیە، لەژێر ڕۆشــنایی ئەو ڕاســتیەشــدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی زانینی ڕۆڵی وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەدات لە بەڕێوەبردنی ئەو قەیرانانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەن.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشــی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە و تیایدا ڕەهەندەکانی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشــــو خراونەتەڕو، لە بەشــــی دوەمدا تەرخانکراوە بۆ باســــکردنی چەمکی قەیران و جۆرەکانی، هەروەها چەمک و پێناســــــەی وتەبێژی میدیایی و تایبەتمەندیی و ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی قەیراندا، لە بەشــــی ســــێهەمدا لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە خراوەتەڕو، لە ڕێگەی خســــتنەڕوی خشتەکان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان.

## 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:

### 1.1. کێشەی توێژینەوەکە:

کێشــــەی ئەم توێژینەوەیە لەودا خۆی دەبینێتەوە کە هەرچەندە لە زۆرینەی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردســتان وتەبێژی میدیایی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام هێشــتا ناڕونییەک هەیە ســەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری وتەبێژی میدیایی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردســتان بەتایبەت لە کاتی بەڕێوەبردنی قەیراندا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانســتییە بۆ زانینی ڕۆڵی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردســتان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوســان، دیاریکردنی ئاســتی بەدواداچون و متمانەی ســامپلی توێژینەوەکە بە وتەبێژی میدیایی وەک سەرچاوەیەک بۆ دەستخستنی هەواڵ و زانیاری.

### 1.2. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

1.2.1. دیاریکردنی ئاستی بەدواداچون و متمانەی ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان بەو داتا و زانیارییانەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکان بڵاویدەکەنەوە.

1.2.2. دەرخســــتنی هەڵســــەنگاندنی نمونەی توێژینەوە بۆ ئەو زانیارییانەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەیانگواستەوە لەبارەی قەیرانەکانەوە.

1.2.3. خستنەڕوی هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنوسان بۆ ئەو ستراتیژیانەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم بەکاریانهێناوە لە گەیاندنی پەیامدا.

1.2.4. دیاریکردنی ڕۆڵی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستاندا.

### 1.3. **پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر لە هەوڵی گەڕانە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

1.3.1. تا چ ئاستێک ڕۆژنامەنوسان بەدواداچون بۆ ئەو داتا و زانیاریانە دەکەن وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکان بڵاویدەکەنەوە و متمانەیان پێی هەیە؟

1.3.2. ڕۆژنامەنوسان ئەو زانیارییانەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم دەیانگواستەوە لەبارەی قەیرانەکانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

1.3.3. ڕۆژنامەنوسان ئەو ستراتیژیەتانەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم بەکاریانهێناوە لە گەیاندنی پەیامدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

1.3.4. تا چەند وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کارایان هەبوە لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا؟

### 1.4. **گرنگیی توێژینەوەکە:**

دەکرێ لە دو ڕەهەندەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە بخرێتەڕو، ئەوانیش:

ا- لە ڕوی زانستییەوە، بایەخ و ڕۆڵی وتەبێژی میدیایی لە توێژینەوەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان سەرباری گرنگییە زۆرەکەی، فەرامۆشکراوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی وتەبێژ لە ڕەهەندە میدیاییەکەیەوە بە بابەتێکی تازە دادەنرێت لە توێژینەوەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

ب- لە ڕوی پراکتیکییەوە، ئەو زانیارییە تیۆریانە لە توێژینەوەکە ئاماژەیان پێکراوە یاخود هەڵسەنگاندن و تێروانینی ڕۆژنامەنوسان بۆ ڕۆڵ و کارامەییەکانی وتەبێژی میدیایی لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، دەکرێ سودی لێوەربگیرێ لە چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی کاری وتەبێژیی و بەهێزکردنی خاڵە ئەرێنییەکان بەتایبەتی لە کاتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا.

### 1.5. **جۆر و میتۆدی توێژنەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکاندایە و تیایدا میتۆدی ڕوپێویی بەکارهاتوە بە پشتبەستن بەئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی.

1.6 کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگە ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان، لە نێو ڕۆژنامەنوسان (70) کەس وەڵامی فۆرمەکەیان داوەتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی پێشوەختەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکرێ بوترێ نمونەی توێژینەوەکە نمونەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدارە.

**1.7 بوارەکانی توێژینەوە:**

- **بواری شوێن: هەرێمی کوردستان**
- **بواری کات: ١٥-١-٢٠٢٣ تا ١٥-٤ -٢٠٢٣**

**1.8 ڕاستی ڕواڵەتیی فۆرمی ڕاپرسی:**

بۆ دەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسییەکە، توێژەران فۆرمەکەیان خستە بەردەست چەند مامۆستایەکی پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان[i]، دوای هەڵسەنگاندنیان بۆ بڕگەکانی فۆرمەکە، لەژێر ڕۆشنایی سەرنج و پێشنیارەکانیان دوبارە بەشێک لە بڕگەکانی فۆرمەکە داڕێژرانەوە و چەند بڕگەیەکی کەمیش لابران و هەندێ بڕگەی دیکەش زیادکران، بەجۆرێک لە کۆی (34) بڕگە تەنها (2)، بەمەش ڕێژەی ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمەکە گەیشتە (94.11%).

**1.9 جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی:**

بۆ دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی، توێژەران فۆرمەکەیان بەسەر (10) ڕۆژنامەنوس دابەشکرد کە دەکاتە (10%)ی نمونەی توێژینەوەکە، دوای دو هەفتە، بۆ جاری دوەم فۆرمەکەیان پێدرایەوە بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی، بە بەکارهێنانی پێوانەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ بەراوردکردنی وەڵامەکانی جاری یەکەم و دوەم ڕێژەی جێگیریی فۆرمەکە بەمشێوەیە دەرچو (0.837).

**1.10. چەمکەکانی توێژینەوە:**

چەمکی بەکارهاتوی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

1- ڕۆڵ: چالاکییەکە کەسێک لە شوێنێک دەیگێڕێت. یاخود ئامانجێکە کەسێک یان دامەزراوەیەک لە بارودۆخێکدا ئەنجامی دەدات لە کۆمەڵگەدا، یاخود لە ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەک ئەنجام دەدرێت. (د.عزت، ٢٠٠٨، ٢٠٤).

2- وتەبێژ: وتەبێژی ڕۆژنامەوانی یاخود وتەبێژی فەرمی، وەزیفەیەکە لە دامەزراوەکانی حکومی (گشتی، تایبەت)دا هەیە، یاخود کەسێکی ڕێگەپێدراوە بە بڵاوکردنەوەی بڕیار و هەواڵ و زانیاری پەیوەندار بە سیاسەتی حکومەتی و هەڵوێست و ڕاوبۆچونەکانیان دەربارەی ڕوداو و بابەتە جیاوازەکان، کە جێگەی بایەخی ڕای گشتی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بێ (الخطاف،٢٠٠٧، ١٠٣٥١).

لە پێناسـەیەکی دیکەدا، وتەبێژی ڕۆژنامەوانی، کەسێک ڕێگەپێدراوە بە نوێنەرایەتی (کەسایەتییەک، دامەزراوەیەک، ڕێکخراوێک، کۆمپانیاکان، بانکێک.. هتد) لێدوان دەدات بەرپرسیاریێتی ناوەڕۆکی لێدوانەکانی لەئەستۆ دەگرێت لە بەرامبەر میدیاو ڕای گشتی. (عبدالله، ١٩٩٥، ١٨)

3- بەڕێوەبردن: بەڕێوەبردن ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتی کارە لەناو دەزگاو دامەزراوەیەکدا لەسەر بنەمای زانستی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان لە ڕێگەی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکانەوە. (تمبلر، ٢٠٠٨)

4- قەیران: هەلومەرج و دۆخێکی نائاساییە کە ڕووبەڕووی هاووڵاتییان و دامەزراوەکان و کۆمەڵگە دەبێتەوە، کە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بەرفراوان دێنێتە ئاراوە.(E.S&William,2002)

5- دامەزراوەکان: دامەزراوە فەرمییەکان، بریتین لەو سێکتەرانەی سەر بە دەوڵەتن و لەپێناو خزمەتی کۆمەڵگەدا دامەزراون بە سەرپەرشتی دەسەڵاتی حوکمڕانی بەڕێوەدەبرێن. (شلبی، ١٩٩٤، ٢٤)

6- هەرێمی کوردستان: ناوچەیەکی جوگرافییە دەکەوێتە باشووری عێراق، خاوەنی سستم و دەسەڵاتی فیدراڵییە لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عێراق دانپێدانراوە (دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق- ٢٠٠٩).

**1.11. توێژینەوەکانی پێشو:**

1.10.1. توێژینەوەی (مروی السعید السید٢٠٢١) بە ناونیشانی (ئاڕاستەی دەستەبژێر بەرامبەر بە ڕۆڵی وتەبێژی فەرمی وەزارەتی تەندروستی و نیشتەجێبون لە بەڕێوەبردنی قەیرانی کۆرۆنادا) توێژینەوەیەکی مەیدانییە، پێشکەشکراوە لە زانکۆی مەنسورە/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ئاڕاستەی دەستەبژێری میسری بەرامبەر بە ڕۆڵی وتەبێژی فەرمی وەزارەتی تەندروستی و نیشتەجێبون لە بەڕێوەبردنی قەیرانی کۆرۆنادا و دیاریکردنی ئەو ستراتیژیەتانەی وتەبێژی وەزارەتەکە بەکاریهێناون، توێژینەوەکە میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێناوە بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی و دابەشکردنی بەسەر (١٧٠) کەس لە دەستەبژێری میدیایی، ئەکادیمی، سیاسی، پزیشکی و ئابوری.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات وتەبێژی فەرمی ڕۆڵی هەبوە لە پێکهێنان و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی لە کاتی قەیرانەکەدا و توانیویەتی بەرپەرچی پڕوپاگەندەکان بداتەوە و بەرەنگاری ببێتەوە.

توێژینەوەکەی (مروی) لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لەڕوی ئامانج و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لەیەک نزیکن، بەڵام لەڕوی نمونەی توێژینەوە و تیۆری بەکارهاتو جیاوازن، نمونەی توێژینەوەکەی (مروی) دەستەبژێری میدیایی و ئەکادیمی و پزیشکی و سیاسی و ئابوری وەرگرتوە، کەچی لەم توێژینەوەیەدا تەنها ڕۆژنامەنوسان وەک نمونەی توێژینەوە وەرگیراون. توێژینەوەکەی (مروی) تیۆری گروپەکانی بەرژەوەندی بەکارهێناوە، بەڵام ئەم

توێژینەوەیە تیۆری پشتبەستن بە میدیای بەکارهێناوە. بەشێوەیەکی گشتی لە ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە سود لە فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی (مروی) وەرگیراوە.

1.10.2 توێژینەوەی (Ratna Damayanti & others2017) بە ناونیشانی ("وتەبێژی دامەزراوەکان لە سۆشیال میدیا، کێ دەبێ بەناوی دامەزراوەکەی قسە بکات لە کاتی قەیراندا؟) Indonesia Defense University پێشکەشکراوە.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئەرکە سەرەکییەکانی وتەبێژی دامەزراوەکان لە سۆشیال میدیا، دەرخستنی گرنگترین ئەو تایبەتمەندیی و مەعریفە و کارامەییانەی وتەبێژی دامەزراوەکان لە سۆشیال میدیا پێویستیان پێیدەبێت، توێژینەوەکە میتۆدی ڕاپێویی بەکارهێناوە بە پشتبەستن بە ئامرازی چاوپێکەوتنی قوڵ، توێژەران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ژمارەیەک لەو کەسانە ئەنجامداوە کە بەرپرسیاریەتی پەیوەندیکردنی دامەزراوەییان (corporate communication practitioners) لە ئەستۆدایە، نمونەی توێژینەوەکە نمونەیەکی نائەگەری بوە و بەشێوە نمونەی تۆپی بەفرین وەرگیراوە.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پییگەیشتوە ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەل کراوە لەگەڵ ئەوەدان وتەبێژ پێویستی بە چاودێریکردنی بەردەوامی ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا هەیە و دەبێت لەکاتی خۆیدا زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە سەبارەت بە قەیرانەکان و پشتبەستن بە زمانی نافەرمی ببەستێت بۆ زیاتر نزیکبونەوە لە بەکارهێنەران، دامەزراوەکان لە قۆناغی سەرەتادان بۆ ئەوەی سۆشیال میدیا بخەنە نێو کارامەیی کار و چالاکییەکانیان و ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەو دامەزراوانە هیچ بژاردەیەکیان لەبەردەمدا نییە بۆ ئامادەبون لە جیهانی گریمانەییدا بە تایبەتی سۆشیال میدیا، زۆربەی دامەزراوەکان هەردو شێوازی "ڕاگەیاندراوی فەرمی" یان "لێدوانی وتەبێژ"یان بەکارهێناوە بۆ پەیوەندییکردن و کارلێککردن لەگەڵ جەماوەری ناوەخۆ و دەرەوە لەکاتی قەیرانەکاندا. توێژینەوەکەی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا لەڕوی گۆڕاوەکانەوە لەیەک نزیکن، بەڵام لەڕوی ئامانج و ئامرازی بەکارهاتو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەیەک جیاوازن.

1.10.3. توێژینەوەی (تارق جەوهەر سارمەمی٢٠١٤) بەناونیشانی (تجربة المتحدث الرسمي بين الواقع والتجربة) لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

ئامانجی توێژینەوەکە: گرنگترینیان گەیشتن بەرادەی پشت بەستنی دامەزراوە فەرمییەکان بە وتەبێژی فەرمی لە گەیاندنی پەیامەکانیان، و ڕۆڵی وتەبێژ لە دروستکردنی بریار و چۆنێتی ڕێکخستنی کارەکانیان.

ئەنجامی توێژینەوەکە: توێژەر گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک گرنگترینیان:

– ڕێکنەخستنی وەزیفەی وتەبێژ بە بڕیارو ڕێنمایی کارگێری بەڵکو بەشێوەی زارەکی دانراون تەنها ژمارەیەکی کەم بە فەرمانی کارگێری دانراون.

– زۆرینەی وتەبێژی فەرمی و بەڕێوەبەرانی میدیایی دامەزراوەکان کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری وتەبێژی، ڕۆڵی ڕاستەقینەیان پێنەدراوە بەشدارنین لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی و دیاریکردنی سیاسەتی میدیایی دامەزراوەکە.

ئەم توێژینەوەیە لەڕوی ئامانج و میتۆدەوە لەیەک نزیکن بە بەکارهێنانی میتۆدی (وەسفی، ڕاپێوی) هەروەها هاوتەریبە لەڕوی ئامرازە بەکارهاتوەکان بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی و (تێبینی).

1.10.4. توێژینەوەی (عبدالکریم جاسم موسی السودانی٢٠١٠)، بە ناونیشانی (وتەبێژی میدیایی لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لەعێراق) توێژینەوەیەکی شیکارییە لە بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکان وەرگیراوە لەمیانەی ئۆپەراسیۆنی ئەمنی لە ماوەی (٢٠٠٧/١/١ الی ٢٠٠٨/١٢/٣١) ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەی زانکۆی بەغدایە، کۆلێژی ڕاگەیاندن، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان.

ئامانجی توێژینەوەکە: زانینی ئاراستەکانی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕێوشوێنی پیادەکردنی یاساکان لەکاتی قەیرانە ئەمنییەکان کە لەلایەن وتەبێژانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری عیراق ڕادەگەیێنران.

– زانینی ئەو پرس و بابەتانەی جەختی لەسەردەکرا لە لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئەمنییەکان. ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (السودانی):

– ڕەنگدانەوەو لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی دامەزراوە ئەمنییەکان لە لێدوانی وتەبێژاندا پیش هەواڵە ڕاستەکانی ڕوداوە ئەمنییەکانە.

– پاڵنەرە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر پەیام و ئەدای وتەبێژانی دامەزراوە ئەمنییەکان هەیە.

– خۆبەدورگرتنی وتەبێژان لەقسەکردن لەبارەی مەزهەبی و ئیتنییەوە، بەڵکو لێدوانەکانیان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوی تایبەت بە قەیرانی ئەمنی بو.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی (وەسفی، شیکاری) بەکارهێناوە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەیانە بڵاوکراوەکانی سەربازی و ئەمنی وەزارەتی ناوخۆ، بەرگری.

خاڵە هاوبەشەکانی توێژینەوەکەی (السودانی) لەگەڵ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی کێشە و ئامانج و سامپلەوە لەیەک نزیکن کە باس لەڕۆڵی وتەبێژە لە کاتی قەیراندا.

سود وەرگرتنی ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکانی پێشو بەگشتی. لەڕوی میتۆد و ئاشنابون بەسەرچاوەی نوێ، زانیاری نوێ و ئەو ئەنجامەی تێیاندا بەدەستنەهاتون توێژەران لەهەوڵدان بگەنە ئەو ئەنجامانە.

**–وتەبێژی میدیایی و ڕۆڵی لە بەڕێوەبرنی قەیراندا:**

### 2.1. وتەبێژی میدیایی:

چەمکی وتەبێژ لەڕوی زمانەوانییەوە: لە فەرهەنگی (المعانی)دا هاتوە کە وشەی وتەبێژ، وشەیەکی لێکدراوە لە دو بەش پێکدێت: (وتە) بە مانای قسە یاخود قسەکردن دێت، (بێژ) بە مانای دەربڕین دێت، واتە قسەیەک دەبێژێ یاخود دەیڵێت.

چەمکی وتەبێژ- المتحدث- الناطق. بە چەند شێواز و وشەی جیاواز دێتەگوتن، بەڵام لەڕوی ماناوە یەک واتا دەبەخشن کە (قسەکەرە) یاخود بە وتەبێژ ناودەبرێت (المحمد٢٠١٠) وشەی وتەبێژی فەرمی بە زمانی ئینگلیزی بە (Spokesman) کەوتە فەرهەنگی ئینگلیزییەوە لە ساڵی (١٥١٩) بەواتای وەرگێڕ، پاشان لە ساڵی (١٥٤٠) واتاکەی گۆڕدرا بە قسەکەر بەزمانی کەسێک یاخود کۆمەڵە کەسێک، بەهۆی ئەوەی لەزمانی ئینگلیزی وشەی (Man) بەکاردێت بۆ نێر، بڕیاری گۆڕینیان دا لەساڵی( ١٩٧٢) بۆ (Spokesperson) بەواتای کەسێکی قسەکەر چ نێر بێت یاخود مێ (معجم المصطلحات الاعلامیة١٩٩٤)

لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ پێناسەی وتەبێژ بکرێ بەوەی "ئەو کەسەیە نوێنەرایەتی دامەزراوەیەک دەکات، لێدوان دەدات بۆ جەماوەر لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەو دامەزراوەیە حکومی بێت یان تایبەت، مەدەنی بێت یاخود پارتێکی سیاسی، کۆمپانیایەک، ڕێکخراوێک، کەسایەتیەک، بانکێک (عبدالله٢٠١٥، ١٦)

### 2.2. وتەبێژی میدیایی فەرمی:

وتەبێژی فەرمی کەسێکی هەڵبژێردراوە، متمانەی پێدەبەخشرێ کە لێدوان بدات بەناوی دامەزراوەکەوە لەبەردەم ڕای گشتی، ڕۆڵ بینین لە باشکردنی وێنەی دامەزراوەکە لای جەماوەری ناوەوە و دەرەوە، ببێتە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دیاریکردنی ڕۆڵەکەی لە گەیاندنی زانیاری تا پەیامەکەی زیاتر ورد و پوخت بێت. (الخطاف٢٠٠٧، ٢٨)

وتەبێژی فەرمی بەپێی بڕیارێکی فەرمی، بڕیاری دامەزراندن و دانپێدانانی دەدرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، مافی بەشداریکردنی تەواوی کۆبونەوە و زانینی سەرجەم بڕیار و کار و چالاکییەکانی دامەزراوەکەی پێدراوە، ڕێگەپێدراوە بەشێوەیەکی فەرمی نوێنەرایەتی دامەزراوەکەی بکات لەو هەواڵ و زانیارییانەی بەلایەوە گونجاو و لە بەرژەوەندی دامەزراوەکەیانە و جەماوەری دامەزراوەکەیە بڵاویبکاتەوە بۆ ڕای گشتی لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیاوە. وتەبێژی کارێکی گرنگ و بەرپرسیارێتییە بە ئاوێنەی هەر دامەزراوەیەک دادەنرێت، بۆیە دەبێ فەرمی بێت. (شعبان٢٠٠٧، ١٠٣)

مەبەست لە چەمکی میدیایی کار و چالاکی ڕاگەیاندنە، بە کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی داتا و زانیاری لەسەر ڕوداوەکان، پاشان بڵاوکردنەوەی بەشێوەی دەنگ، ڕەنگ، وێنە و نوسین لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە لەسەر بنەماکانی ئیتیکی کاری میدیایی. (ڕاندال٢٠٠٦، ٥٨)

### 2.3. تایبەتمەندی و کارامەییەکانی وتەبێژ:

دۆزینەوەی پێناسەکردنی زۆرێک لە پیشەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئاسانە، هەریەک بەهۆی جۆری پیشە و کار و چالاکی ڕۆژانەیانەوە، بەڵام لە دامەزراوەیەکی فەرمی حکومەت، وتەبێژ ئەرکێکی فەرمی گرنگە و نوێنەرایەتی دامەزراوەکەی لە ئەستۆدایە لە بەرامبەر جەماوەر و ڕای گشتی، چ لە ناوەوە یاخود دەرەوەی ئەو شوێنەی کاری بۆ دەکات، بۆیە ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە دەبێت هەڵگری کۆمەڵێک بنەمای کەسی و وەزیفی بێت، هاوکات فەرمانبەر یاخود ئەندامی ئەو شوێنە بێت کاری بۆ دەکات، وەزیفەی دیکەی نەبێت، بۆیە زۆرێک لە دامەزراوە حکومییەکان لە ئاستی باڵا چەمک و وەزیفەی (وتەبێژی میدیایی) پەسەند دەکەن وەک ئامرازێکی کارای بەدیهێنانی گەیاندنی ئامانجەکانی حکومەت، هاوکات وەرگرتنەوەی پەرچەکرداری جەماوەر و ڕای گشتی لەسەر سیاسەت و کارەکانی حکومەت.(شعبان٢٠٠٧، ٥٤)

ئەرکی وتەبێژی میدیایی هەوڵدانە لەپێناو ڕازیکردنی جەماوەر بە سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەت و پاڵپشتیکردنیان بۆ ئەو بڕیارانە، واتە ئامانجی ڕازیکردن و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەرە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، هەروەها پوختکردنەوەی ئامانجەکانی حکومەت و گەیاندنی بە جەماوەر لە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە. ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر لە ڕێگەی چۆنێتی گەیاندنی پەیام، گواستنەوەی وێنە ڕاستەکەی دامەزراوەکە و خستنەڕوی ئەو هەوڵانەی دەبنە هۆی ڕازیکردن و خزمەتکردنی جەماوەر. (الخوالدة٢٠٠٥، ١٤٧).

تایبەتمەندییە خودییەکانی وتەبێژ خۆی دەبینێتەوە لەچەندین تایبەتمەندیی کەسی و وەزیفی لەوانە:

تایبەتمەندیی خودی وەک:- بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری، بڕوابەخۆبون، هێمن و لەسەرخۆیی، ڕاستگۆیی، لێبوردەیی، قبوڵکردنی ڕەخنە و ڕای جیاواز، ڕەوانبێژی، لێهاتویی لە بەکارهێنانی زمانی جەستە...هتد.

تایبەتمەندیی وەزیفی وەک:- خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی، وردبینی و بابەتیبون، شارەزایی میدیایی و تەکنەلۆژیای نوێ، ئەندامی فەرمی دامەزراوەکە بێت، پاشخانی زانیاری فراوان بێت، لە زمانێک زیاتر بزانێت، چەندین شارەزایی دیکەی هەبێت بەپێی جۆری کار و خزمەتگوزاری دامەزراوەکەی. (الخطاف، الجريدة الشرق الاوسط، ١٠٣٥١/١-٤-٢٠٠٧).

### 2.4. ئەدای وتەبێژی ڕۆژنامەوانی و ستراتیژە بەکارهاتوەکان لەگەیاندنی پەیام:

چەندین فاکتەری گرنگ هەن یارمەتی وتەبێژی میدیایی دەدەن کارا و کاریگەر بێت لە ناردنی پەیام وەک:.(د.شعبان2007، ١٢٧)

1) زانینی پێشوەختە: واتە زانیاری ورد و تەواوی لەبارەی ناوەرۆكی پەیامەكەوە هەبێت.

2) ئەزمون

3) بڕوابەخۆبون، لەسەرخۆیی

4) دورکەوتنەوە لە پاساوهێنانەوە

5) تاوانبارنەكردنی دامەزراوەیەكی دیكە بە كەمتەرخەم لەكاتی سەرهەڵدانی كێشە و قەیراندا.

6) بڵاوكردنەوەی ڕاستگریانەی بەرەوپێشچونەكان سەبارەت بە هەوڵەكانی چارەسەركردنی قەیرانەكە.

7) لە ڕوانگەی بەرژەوەندی گشتییەوە لێدوان بدرێت.

8) داتا و زانیاری و ئاماری ڕاست بخرێتەڕو، كە دڵنیایی زیاتر دەبەخشێت بە جەماوەر.

9) خۆبەدورگرتن لە پڕوپاگەندە لەوەڵامدانەوەدا، خۆبەدورگرتن لە وەڵامی گریمانەیی.

10) بە ڕاستگۆیی بەڵگە و لێكەوتەكانی قەیرانەكە بخرێتە سەرەتای لێدوانەكان، تا زەمینە خۆشنەكات بۆ دروستبونی پڕوپاگەندە.

11) كۆتایی پەیامەكە بە كراوەیی جێنەهێڵرێ، تا لێكدانەوەی هەڵەو دژەبۆچون بەدوای خۆیدا دروست نەكات.

### 2.5. پێناسە و پۆلێنی قەیران:

بەهۆی ئاڵۆزی ڕەهەندەكانیەوە، چەمكی قەیران مشتومڕی زۆر هەیە لەسەر پێناسەكردن و ئاست و هۆكاری هاتنەئارایدا، قەیران لە بنەڕەتدا، لە چەمكی (CRISIS)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە بە مانای (خاڵی گۆڕان) دێت لە ساتی نەخۆشیدا بۆ مرۆڤ، هەروەها ئاماژەیە بۆ هاتنەئارای ساتەوەختی دروستبونی مەترسی لەلایەنی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابوریی وبوارەكانی دیكە (Spillon & William, 2002, 18)

قەیران بە واتای دۆخێكی نائاسایی دێت ڕوبەڕوی هاووڵاتییان و دامەزراوەكان و كۆمەڵگە دەبێتەوە، كە بە ڕێكارە باوەكان ناتوانرێ مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، بەو هۆیەوە نیگەرانی و دڵەڕاوكێی بەرفراوان لەو دیاردە كتوپڕانە بۆ كۆمەڵگە دێتەئاراوە. (S.A, 1993, 86)

قەیران بە هەمو چەشنەكانیەوە زادەی هەلومەرجێكی نائاساییە و بەهۆی كۆمەڵێك فاكتەری ناوخۆیی و دەرەكیەوە دێتەئاراوە، كاریگەری لەسەر كۆی سێكتەرە مەدەنی و فەرمییەكان جێدەهێڵێت. بەڕای پسپۆڕان قەیران بەپێی (جۆر و كات) دەتوانرێ پۆلێن بكرێت، كە دەروازەیەكە بۆ گەیشتن بە ئاستی كاریگەری و مەترسییەكانی و یاریدەدەرێكی گرنگە بۆ گرتنەبەری ستراتیژی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی قەیران. (خضور ،١٩٩٩، ٨).

### 2.5.1. **پۆڵێنی قەیران لەسەر بنەمای جۆر:**

ا) قەیرانی ئابوری: تێکچونی هاوســـەنگی نێوان داهات و خەرجیەکانە، کەرتێک یاخود چەند کەرتێکی فەرمی و نافەرمی دەگرێتەوە.

ب) قەیرانی سـیاسـی: بە دروسـتبونی ململانێ و گرژی دەسـت پێدەکات تا دەگاتە ڕودانی جەنگ و تێکچونی سەقامگیریی وڵات.

ج) قەیرانی دامەزراوەیی: هاتنەئارای گیروگرفت لە ســـیســـتەمی بەڕێوەبردن و کارگێڕی لە دامەزراوەکان و دروستبونی شکستی کارگێڕی. (العماری، ١٩٩٣، ١٦)

### 2.5.2. **قەیران لەسەر بنەمای (کات) ئەم جۆرانە لەخۆدەگرێت:**(مکاوی، ٢٠٠٥، ١٥١ )

١- قەیرانی لەناکاو: هیچ جۆرە نیشانە و ئاماژەیەکی هۆشداری لەگەڵدا نییە، وەک کارەساتە سروشتییەکان کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابوری جێدەهێڵێ.

٢- قەیرانی کەڵەکەبو: ئەم جۆرە لە قەیران بەشـــێوەی هەنگاو دوای هەنگاو دێتەئاراوە و زەق دەبێتەوە، دەتوانرێ بەپێیێ پلانێکی سیستماتیک سنورداربکرێ.

٣- قەیرانی درێژخایەن: لەڕوی کاتەوە درێژ مەودایە، کۆنترۆڵی ئەم جۆرە قەیرانە زەحمەتترە لە جۆرەکانی دیکە، بەپێی تێپەڕبونی کات مەترســـییەکانی زیاتر دەبێت، هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی دۆخی وڵات یا دامەزراوەیەک لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەدا، دەتوانرێ پێشـبینی بکرێت و خاڵی دەسـتپێکی دیارە، بەڵام بە زەحمەت دەگەیتە خاڵی کۆتایی و چارەسەر

### 2.6. **بەڕێوەبردنی قەیران:**

ڕۆڵی وتەبێژ لەکاتی ســەرهەڵدانی قەیرانەکان  لە ڕوماڵیی میدیایی و خســتنەڕوی چارەســەرە بۆ قەیرانەکان، پسـپۆڕان کۆکن لەسـەر ئەوەی لەکاتی سـەرهەڵدانی قەیراندا میدیا و وتەبێژانی میدیایی ئەرک و ڕۆڵی جیاواز دەکەویتە ئەستۆیان لە گرنگترینیان:

أ- بڵاوکردنەوەی زانیاری: لەم قۆناغەدا وتەبێژی فەرمی زانیارییەکان دەربارەی قەیرانەکە بڵاودەکاتەوە بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو خستنەڕوی هەڵوێستی دامەزراوەکەی لەهەمبەر قەیرانەکە.

ب- بەدواداچون و چارەسـەرکردن: لەم قۆناغەدا ڕۆڵی وتەبێژی فەرمی خسـتنەڕوی شـێوازی خۆپاراسـتنە لە کاریگەرییەکانی قەیرانەکە و چارەســـەری گونجاو دەخاتەڕو، هەروەها ڕێکارەکانی چۆنییەتی مامەڵەکردن

لەگەڵ دۆخەکانی قەیرانەکە و ئەو هەوڵانەی کە دامەزراوەکە خستویتییەگەڕ لەپێناو چارەسەرو کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە. (ابوفارة، ٢٠٠٩، ٢٤٧).

**2.7. ڕۆڵی وتەبێژی فەرمی لە بەڕێوەبردنی قەیراندا:**

لەئێستادا بەهۆی ئەو کاریگەرییە فراوانەی سۆشیال میدیا و میدیای نوێ دروستیانکردوە لەسەر کۆمەڵگە، کە بۆتە بەشێکی کاریگەر و دانەبڕاو لە هەمو بارودۆخە پەیوەندداەرکان بەکۆی کۆمەڵگە، ئەوەش وایکردوە وتەبێژ ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان بەهەردو لایەنی ئەرینی و نەرێنی لە کۆنترۆلکردنی ڕای گشتی لە کاتی قەیرانەکاندا. (Austin, L& Jin, Y. 2018)


لێرەوە ڕۆڵی سەرەکی وتەبێژ بەدیاردەکەوێت وە بونی بە پێویست دەزانرێ لە گەیاندنی زانیاری ڕاست و باوەڕپیکراو لە سەرچاوەی فەرمی پەیوەندار بە جۆری قەیرانەکە و بڵاوکردنەوەی پێشهات و بەدواداچونی لایەنی پەیوەندار بۆ دۆزینەوەی چارەسەربۆ قەیرانەکە. ڕۆڵی وتەبێژ لە بەڕێوەبردنی قەیراندا دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان خەڵک و حکومەت لە بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانیاری و هەواڵی ڕاست و دروستی تایبەت بە قەیرانەکە. (Jeffre, Crump,2019)

**3. لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە:**

3.1. خستنەڕوی خشتەکانی تایبەت بە فۆرمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

خشتەی (1) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە


| ژ | ڕەگەز | دوبارە | % | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 58 | 82.9 | یەکەم |
| 2 | مێ | 12 | 17.1 | دوەم |
| | کۆی گشتی | 70 | 100 | |



ئەنجامی خشــتەی (١) نیشــانی دەدات، زۆرینەی نمونەی توێژینەوە لەڕەگەزی نێرن، پلەی یەکەمیان وەرگرتوە بە ڕێژەی (٨٢،٩%) کۆی بەشـــــداربوان ژمارەیان (٥٨) کەس بوە. ڕەگەزی (مێ) بە پلە دو هاتوە بەرێژەی (١٧،١%) کە ژمارەیان (١٢) کەس بوە.

خشتەی (2) تەمەنی نمونەی توێژینەوە


| ژ | تەمەن | دوبارەکان | % | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لە 20 بۆ کەمتر لە 30 ساڵ | 9 | 11.4 | سێیەم |
| 2 | لە 30 بۆ کەمتر لە 40 ساڵ | 30 | 44.3 | یەکەم |
| 3 | لە 40 بۆ کەمتر لە 50 ساڵ | 23 | 32.9 | دوەم |
| 4 | لە 50 بۆ کەمتر لە 60 ساڵ | 7 | 10.0 | چوارەم |
| 5 | لە 60 ساڵ و سەروتر | 1 | 1.4 | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | 70 | 100.0 | |




بەپێی ئەنجامی خشـــتەی (2) دەردەکەوێت زۆرترین نمونەی توێژینەوە تەمەنیان لەنێوان (40-30) ســاڵیدایە، بەرێژەی (42.9%) لە پلەی یەکەم دێت کە ژمارەیان (٣٠) کەس دەبێت، لە پلەی دوەم ئەوانە دێن کە تەمەنیان لەنێوان (40 بۆ 50) ســـــاڵیدایە بەرێژەی (32.9%) و (23) دوبارەبونەوە، بەرێژەیەکی نزیک لەیەک لە پلەی سێیەم و چوارەم ئەوانە دێن تەمەنیان لەنێوان (20 بۆ 30 ) و (50 بۆ 60) ساڵیدایە.

خشتەی (3) ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوە

| ژ | بڕوانامە | دوبارەکان | % | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئامادەیی | 3 | 4.3 | پێنجەم |
| 2 | دبلۆم | 15 | 22.9 | سێیەم |
| 3 | بەکالۆریۆس | 26 | 35.7 | یەکەم |
| 4 | ماستەر | 21 | 30.0 | دوەم |
| 5 | دکتۆرا | 5 | 7.1 | چوارەم |
| | کۆی گشتی | 70 | 100.0 | |





خشتەی (3) نیشانی دەدات ئاستی زۆرینەی نمونەی توێژینەوە، هەڵگری بروانامەی (بەکالۆریۆس)ن بە ڕێژەی (35,7%) ژمارەیان (26) کەس بو، لە پلەی دوەم ئەوانە دێن هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن بەڕێژەی (30%)، لە پلەی سێیەم یە (15) دوبارەبونەوە، ئەوانە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن، لە پلەی چوارەم و پێنجەم هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و ئامادەیی دێن بەڕێژەی نزیک لە یەک.

خشتەی (4) ڕادەی بەدواداچونی نمونەی توێژینەوە بۆ هەواڵی وتەبێژی میدیایی

| ژ | وەڵام | دوبارەکان | % | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 10 | 41.4 | دوەم |
| 2 | تاڕادەیەک | 31 | 45.7 | یەکەم |
| 3 | بە دەگمەن | 29 | 12.9 | سێهەم |
| | کۆی گشتی | 70 | 100.0 | |

خشـــتەی ژمارە(4) دەریدەخات نمونەی توێژینەوە تارادەیەک و بەشـــێوەی پچڕپچڕ بەدواداچون بۆ هەواڵی وتەبێژانی میدیایی دەکەن بە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (45,7%) بە ژمارەی (31)، ئەوەی جێگەی ســـەرنج و هەڵوەســـتەکردنە، (41,4%)ی نمونەی توێژینەوە بە دەگمەن بەدوای هەواڵ و زانیارییەکانی وتەبێژی میدیاییدا دەچن، بونی ئەم ڕێژەیە لەنێو ڕۆژنامەنوســـاندا ئاماژەیەکی نەرێنییە بۆ لاوازی ئاســـتی پشـــتبەســـتنیان بە


وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکان و دەکرێ وەک یەکێک لە ڕەهەندەکانی لاوازی ڕۆڵ و پێگەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان لێکبدرێتەوە.




خشتەی (5) هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنوسان بۆ زانیاریی وتەبێژەکان لەبارەی قەیرانەکان

| هەڵسەنگاندن | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | | |
| وتەبێژی دامەزراوە فەرمیەکان زانیارییەکانی پەیوەست بە قەیرانەکانیان بەشێوەیەکی بابەتییانە خستۆتەڕو | 32 | 45.7% | 21 | 30.0% | 17 | 24.3 % | 2.21 | .815 |
| وتەبێژی دامەزراوە فەرمیەکان زانیارییەکانی پەیوەست بە قەیرانەکانیان بەشێوەیەکی ورد خستۆتەڕو | 16 | 22.9% | 18 | 25.7% | 36 | 51.4 % | 1.71 | .819 |
| وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان زانیارییەکانی پەیوەست بە قەیرانەکانیان بە زمانێکی پاراو و سادە و ڕون خستۆتەڕو | 25 | 35.7% | 11 | 15.7% | 34 | 48.6 % | 1.87 | .916 |
| وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان پابەندی بنەما پیشەییەکانی میدیا بون | 22 | 31.4% | 18 | 25.7% | 30 | 42.9 % | 1.89 | .860 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .885 | 2.00 | 38.6 % | 27 | 22.9% | 16 | 38.6% | 27 | وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان وردن لە سەلماندنی سەرچاوە و داتا و ئامار و ناو و مێژوەکان |
| .889 | 2.19 | 31.4 % | 22 | 18.6% | 13 | 50.0% | 35 | وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان زانیاری ڕوکەش پێشکەش دەکەن دور لە شرۆڤە و قوڵبونەوە لە زانیارییەکان |
| .799 | 1.64 | 55.7 % | 39 | 24.3% | 17 | 20.0% | 14 | متمانەی تەواوم هەیە بەو زانیارییانەی وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان لەبارەی قەیرانەکانەوە دەیڵێ |
| .749 | 1.70 | 47.1 % | 33 | 35.7% | 25 | 17.1% | 12 | وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان شرۆڤەیەکی ڕاستی قەیرانەکان دەکەن دور لە چەواشەکاری |
| .832 | 1.94 | 37.1 % | 26 | 31.4% | 22 | 31.4% | 22 | وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان بە زانیاری و ڕاگەیاندراوی بەردەوام میدیا و جەماوەریان ئاگاداردەکردەوە لە قەیرانەکان |
| .812 | 2.33 | 21.4 % | 15 | 24.3% | 17 | 54.3% | 38 | هەندێجار دژیەکبون هەیە لەنێوان لێدوانی وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان و وەزیرەکان |




ئەنجامی خشتەی (5) دەریدەخات ناوەندیی ژمێرەیی لەگەڵبونی نمونەی توێژینەوە لاوازە بەرامبەر بە برگە ئەرێنیەکانی پەیوەست بە متمانەیان بە هەواڵ و زانیاریی وتەبێژیی میدیایی، بۆ نمونە زیاتر لە نیوەی بەشداربوانی ڕاپرسیەکەیە یان لەگەڵ ئەوەدانین یان نازانن ئاخۆ پەیامی وتەبێژیی میدیایی بابەتی و ورد بوە، لەگەڵ ئەوەدانین یان نازانن وتەبێژیی میدیایی زمانێکی پاراوی بەکارهێنابێت لە گەیاندنی پەیامدا و باوەڕیان


وایە وتەبێژی میدیایی شرۆڤەیەکی قوڵی بۆ ڕەهەندەکانی قەیرانەکانی هەرێم پێشکەشنەکردوە و پشتی بە ئامار و داتای ورد نەبەستوە، لەبەرئەوەش زۆرینەی متمانەیان بەو پەیامە نییە وتەبێژیی میدیایی دەیگوازێتەوە سەبارەت بەو قەیرانانە. لە بەرامبەردا، ناوەندیی ژمێرەیی لەگەڵدابون بەرزە لە ئاست بڕگە نەرێنییەکان، بۆ نمونە بەشی هەرە زۆری نمونەی توێژینەوە پێیانوایە پەیامی وتەبێژیی میدیایی سەبارەت بە قەیرانەکان ڕوکەش بوە و زۆرجاریش دژیەک لەگەڵ لێدوان و زانیاریی بەرپرسانی سەروی خۆیان.

بە ڕای توێژەران هۆکاری لاوازی متمانەی نمونەی توێژینەوە بە توانا و کارایی وتەبێژی میدیایی دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی و درێژەکێشانی بەشێکی زۆری قەیرانەکان و ناڕونی ئاسۆکانی چارەسەرکردنیان لەلایەن حکومەتەوە کە ئەو وتەبێژانە نوێنەرایەتی دامەزراوە فەرمییەکانی سەر بە حکومەت دەکەن، لەلایەکی دیکەوە، پەیوەستە بە لاوازی کارایی خودی وتەبێژ لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازەکانی میدیا و کاتی دەرگەوتن و شێوازی خستنەڕوی سیاسەت و بڕیارەکان و پەیوەندییگرتن بە جەماوەرەوە.

خشتەی (6) هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنوسان بۆ ستراتیژیەتی وتەبێژی میدیایی لە گەیاندنی پەیامدا

| هەڵسەنگاندن | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | | |
| وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان ڕون و ڕاشکاو بون لە دەرخستنی قەبارەی هەڕەشە و مەترسی قەیرانەکان | 13 | 18.6 | 13 | 18.6% | 41 | 58.6 % | 1.60 | .788 |
| وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان تەواوی ئەو ڕێکار و هەنگاوانەیان خستوتەڕو کە گیراونەتەبەر بۆ بەرگرتن لەو قەیرانانە | 20 | 28.6 | 20 | 28.6% | 28 | 40.0 % | 1.89 | .826 |
| وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان توانای دامەزراوەکانیان خستوتەڕو لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان | 22 | 31.4 | 22 | 31.4% | 26 | 37.1 % | 1.94 | .832 |
| زانیارییەکانی وتەبێژ کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی زیانی ئەو قەیرانانە هەبو | 23 | 32.9 | 23 | 32.9% | 28 | 40.0 % | 1.93 | .857 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .815 | 2.21 | 24.3 % | 17 | 45.7% | 32 | 45.7 | 32 | وتەبێژەکان پابەندبونی دامەزراوەکانیان دوپاتکردەوە لە باشترکردنی دۆخی هاوولاتیان |
| .748 | 2.39 | 15.7 % | 11 | 54.3% | 38 | 54.3 | 38 | وتەبێژەکان بەرپرسیاریەتی قەیرانەکانیان دەخستە ئەستۆی لایەنەکانی دیکەوە |
| .807 | 2.41 | 20.0 % | 14 | 61.4% | 43 | 61.4 | 43 | وتەبێژەکان هۆکاری بونی قەیرانەکانیان گەڕاندەوە بۆ نەبونی توانای دارایی و لۆجیستی بۆ بەرنگاربونەوەیان |




بەپێی ئەنجامی خشتەی (6) وەک ئەنجامەکانی خشتەی پێشو، ناوەندیی ژمێرەیی لەگەڵبونی ڕۆژنامەنوسانی بەشدار لە ڕوپێوییەکە لاوازە بەرامبەر برگە ئەرێنیەکانی پەیوەست بەو ستراتیژیانەی وتەبێژیی میدیایی بەکارهێناوە لە بەڕێوەبردنی قەیراندا، بۆ نمونە زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدانین یان نازانن ئاخۆ (وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان ڕون و ڕاشکاو بون لە دەرخستنی قەبارەی هەڕەشە و مەترسی قەیرانەکان) و (وتەبێژی دامەزراوە فەرمیەکان تەواوی ئەو ڕێکار و هەنگاوانەیان خستۆتەڕو کە گیراونەتەبەر بۆ بەرگرتن لەو قەیرانانە) و (وتەبێژی دامەزراوە فەرمیەکان توانای دامەزراوەکانیان خستۆتەڕو لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان) و (زانیارییەکانی وتەبێژ کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی زیانی ئەو قەیرانانە هەبو)، و (وتەبێژەکان پابەندبونی دامەزراوەکانیان دوپاتکردەوە لە باشترکردنی دۆخی هاوولاتیان).

لە برامبەردا، ناوەندیی ژمێرەیی بەرزبو لە ئاست برگە نەرێنییەکانی وەک (وتەبێژەکان بەرپرسیاریەتی قەیرانەکانیان دەخستە ئەستۆی لایەنەکانی دیکەوە) و (وتەبێژەکان هۆکاری بونی قەیرانەکانیان گەڕاندەوە بۆ نەبونی توانای دارایی و لۆجیستی بۆ بەرنگاربونەوەیان).


توێژەران ئەم ئەنجامانە دەگەڕێننەوە بۆ چەند فاکتەرێک لەوانە، نەبونی پلان و ئامادەکردنی پێشوەختە بۆ دیاریکردنی ستراتیژەکانی بەڕێوەبردنی قەیران و ڕاهێنانی وتەبێژ لەسەریان و بەهێزکردنی توانای دەربڕین و

زمانی جەستە لە کاتی دەرکەوتنی لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی و دیدار و بەرنامەکانی گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی، هەر بۆیەش ئەو ستراتیژیانە لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسانەوە لاواز بوە.

خشتەی ( 7) هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنوسان بۆ ڕۆڵی وتەبێژی میدیایی لە بەڕێوەبردنی قەیراندا

| هەڵسەنگاندن | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | | |
| ئاگادارم دەکاتەوە لە نوێترین بڕیارەکانی پەیوەست بەو قەیرانانە | 40 | 57.1% | 16 | 22.9% | 14 | 20.0% | 2.37 | .802 |
| لە ڕێگەی زانیارییەکانیان ئاگاداری هەڕەشە و مەترسیی قەیرانەکان دەبم | 32 | 45.7% | 20 | 28.6% | 18 | 25.7% | 2.20 | .827 |
| یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاو بدەم سەبارەت پرسە ئابوری و سیاسییەکان | 25 | 35.7% | 19 | 27.1% | 26 | 37.1% | 1.99 | .860 |
| ئاگادارم دەکاتەوە لەو بڕیار و ڕێکارانەی دەگیرێنەبەر بۆ بەرگرتن و چارەسەرکردنی قەیرانەکان | 28 | 40.0% | 17 | 24.3% | 25 | 35.7% | 2.04 | .875 |
| ئەو بڕیار و ڕێکارانەی وتەبێژەکان بڵاویدەکەنەوە سەبارەت بە قەیرانەکان دەبنە مایەی نیگەرانی هاووڵاتیان | 39 | 55.7% | 15 | 21.4% | 16 | 22.9% | 2.33 | .829 |
| ڕازیم لەو بڕیارانەی دامەزراوە فەرمییەکان دەیدەن بۆ بەرەنگاربونەوە و چارەسەرکردنی قەیرانەکان | 16 | 22.9% | 21 | 30.0% | 33 | 47.1% | 1.76 | .806 |
| شێوازی مامەڵەکردنی دامەزراوە فەرمییەکان لە بەرەنگاربونەوەی قەیرانەکان وێنەیەکی هزریی ئەرێنی لا دروستکردوم لەبارەی ئەو دامەزراوانەوە | 19 | 27.1% | 21 | 30.0% | 30 | 42.9% | 1.84 | .828 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .787 | 2.30 | 20.0% | 14 | 30.0% | 21 | 50.0% | 35 | پێم باشە هاووڵاتیان پابەندی ئەو بڕیار و ڕێکارانە بن دامەزراوە فەرمییەکان دەیگرنەبەر بۆ بەرەنگاربونەوەی قەیرانەکان |
| .694 | 2.56 | 11.4% | 8 | 21.4% | 15 | 67.1% | 47 | لەگەڵ هاوڕێ و هاوپیشەکانم گفتوگۆ دەکەم لە بارەی ڕەهەند و کاریگەریی ئەو قەیرانانە |
| .840 | 2.30 | 24.3% | 17 | 21.4% | 15 | 54.3% | 38 | لە ڕێگەی هەژمارەکانم لە سۆشیال میدیا بەشداری دەکەم لە هەر هەڵمەتێکی جەماوەری بۆ بەرەنگاربونەوەی قەیرانەکان |
| .833 | 2.27 | 24.3% | 17 | 24.3% | 17 | 51.4% | 36 | ئامۆژگاری هاوڕێ و هاوپیشەکانم دەکەم بەدوای ئەو هەواڵ و زانیارییانەدا بچن وتەبێژی دامەزراوە فەرمییەکان پێشکەشی دەکەن |
| | | | | | | | 70 | کۆی گشتی |




وەک ئەنجامەکانی خشتەی پێشو، لە خشتەی (7) ، ناوەندیی ژمێرەیی لەگەڵبونی ڕۆژنامەنوسانی بەشدار لە ڕاپرسییەکە لاوازە بەرامبەر برگە ئەرێنیەکانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی وتەبێژیی میدیایی لە بەڕێوەبردنی قەیراندا، بۆ نمونە جگە لە برگەی یەکەم کە نیوە زیاتری نمونەی توێژینەوە باوەڕیان وایە (ئاگادارم دەکاتەوە لە نوێترین بڕیارەکانی پەیوەست بەو قەیرانانە) بەڵام زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدانین یان

نازانن ئاخۆ (یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاو بدەم سەبارەت پرسە ئابوری و سیاسییەکان) و (ئاگادارم دەکاتەوە لەو بڕیار و ڕێکارانەی دەگیرێنەبەر بۆ بەرگرتن و چارەسەرکردنی قەیرانەکان) و (ڕازیم لەو بڕیارانەی دامەزراوە فەرمییەکان دەیدەن بۆ بەرەنگاربونەوە و چارەسەرکردنی قەیرانەکان)، و (شێوازی مامەڵەکردنی دامەزراوە فەرمییەکان لە بەرەنگاربونەوەی قەیرانەکان وێنەیەکی هزریی ئەرێنی لا دروستکردوم لەبارەی ئەو دامەزراوانەوە). لە بەرامبەردا، ناوەندیی ژمێرەیی بەرزبو لە ئاست بڕگە نەرێنییەکانی وەک (ئەو بڕیار و ڕێکارانەی وتەبێژەکان بڵاوی دەکەنەوە سەبارەت بە قەیرانەکان دەبنە مایەی نیگەرانی هاووڵاتیان).

**دەرەنجامەکان:**

1- ئاستی بەدواداچونی ڕۆژنامەنوسانی نمونەی توێژینەوە بۆ هەواڵ و زانیاریی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لاوازە و متمانەیان بەو هەواڵ و زانیارییە نییە یان کەمە کە وتەبێژەکان بڵاویدەکەنەوە.

2- کواڵیتی ئەو زانیارییانەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی قەیرانەکانەوە لە ئاستی هەڕەشە و مەترسی و ئاڵنگارییەکانی ئەو قەیرانانەدا نەبوە کە هەرێمی کوردستان پێوەی گیرۆدەیە.

3- ئەو ستراتیژانەی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بەکاریانهێناوە بۆ گەیاندنی پەیام لاواز بوە و پێویستییەکانی نمونەی پڕنەکردۆتەوە و تەنها نیگەرانی لا دروستکردون، زیاتریش ئەو ستراتیژیانە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی بەکارهاتون.

4- ڕۆڵی وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا لاواز بوە لە دەرخستنی سروشت و زیان و چارەسەرییەکانی پەیوەست بەو قەیرانانە و نەیانتوانیوە یارمەتی نمونەی توێژینەوە بدەن لە وەرگرتنی بڕیار و هەڵوێستی دروست لەبارەیانەوە.

**ڕاسپاردەکان:**

1- پێویستە وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان خولی ڕاهێنانی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان.

2- پێویستە وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر کار لەسەر کارامەییەکانی پەیوەندییکردنی باوەڕپێهێنان و قسەکردن و کارایی لە بەکارهێنانی زمانی جەستە بکەن.

**پێشنیارەکان:**

1- توێژەران بە گرنگی دەبینن لە داهاتودا توێژینەوەی زانستی بکرێ لەسەر ئاستی پشتبەستن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلایەن وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستـــان چ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری یان بۆ گەیاندنی زانیاری بە جەماوەر.

2- توێژینەوەی زانستی بکرێ لەبارەی گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی کاری وتەبێژی میدیایی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر کارایی و کارامەییان لەگەیاندنی پەیام لەکاتی قەیرانەکاندا.

# The role of media spokespersons of official institutions in the Kurdistan Region in crisis management, from the perspective of journalists and teachers of the media department

**Gashaw Ali Faraj[1] - Abdulkhaliq Ibrahim Mustafa[2] - Mansoor Nooruddin Hassan[3]**

[1+2+3]Technical Department of Media, Technical College of Management, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region.

**Abstract**:

This research aims to shed light on the role of media spokesmen of official institutions in the Kurdistan Region during critical periods. The research consists of a descriptive approach while it has used a survey method including a research instrument in the form of a questionnaire. The latter was designed via the survey administration software Google Forms whereas its link was distributed in a group chat containing journalists from the Kurdistan Region. The questionnaire reached 70 responses. The most important findings in the current study are related to the research samples claiming that the news and information conveyed by the spokesmen from official institutions were ineffective. In addition, the research findings also display that the spokesmen have played a weak role in managing critical periods in Kurdistan Region.

**Key words:** Of the Study: Role, Media Spokesperson, Crisis Management, Institution.

## سەرچاوەکان

سەردار عبدالله (2015)، قەیران وراگەیاندن، سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عیراق(٢٠٠٩) پەرلەمانی کوردستان هەولێر- کوردستان.

اديب خضـــور، ١٩٩٩، الاعلام والازمات اكاديمية نايف العربيه العلوم الامنية، رياض. زيد عبوي، 2006 ادارة الأزمات، دار كنوز المعرفة العلمية للنشر.

ايمان الخطاف،(٢٠٠٧) لمتحدث الرسمى، المقال، ثقافة تنموسريعا فى السعودية، الجريدة الشرق الاوسط, العدد ١/١٠٣٥١-.

زيد عبوي، 2006 ادارة الأزمات، دار كنوز المعرفة العلمية للنشر.

جلال الخوالدة، ٢٠٠٥، المزيع التلفزيونى، التدريب والتاهيل، دارالمعتز للنشر والتوزيع، عمان.

المتحدث الرسمى (المهمة وكيفية ادائها)، شركه العربية المتحدة للنشر، القاهرة.

د. محمد فريد محمود عزت ٢٠٠٨، قاموس المصطلحات الاعلامية دارالمكتبة الهلال، لبنان.

ديڤد راندال، ١٩٩٦ كيفية التعامل مع مصادر الاخبار، مجلة (التواصل) العدد (٧)، اب ٢٠٠٦.

طارق جوهر سارمەمی، ٢٠١٤، المتحدث الرسمى بين الواقع والتجربة، المؤسسة للكتاب، لبنان.

عباس رشدى العمارى، ١٩٩٣، ادارة الازمات فى عالم متغير، الاهرام للنشر، القاهره.

عماد حسن مكاوى، ٢٠٠٥، الاعلام والمعالجه الازمات، دار المصرية اللبنانية، القاهرة.

يوسف احمد فارة، ٢٠٠٩، اداره الازمات مدخل متكامل، اثراء للنشر والتوزيع، عمان.

تارق جەوهەر ســـارمەمی ٢٠١٤، (تجربة المتحدث الرســـمى بين الواقع والتجربة) لە زانکۆی ســـلێمانی، کۆلێژی زانســـتە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

عبدالكريم جاســم موســى الســودانى، ٢٠١٠، (الناطق الاعلامى فى الادارة الازمات فى العراق) دراســة تحليلية للبيانات الصــحفية الصـادرة فى اثناء العمليات الامنية للمدة (٢٠٠٧/١/١ الى ٢٠٠٨/١٢/٣١) رسـالة ماجسـتير غير منشـورة لجامعة بغداد، كلية الاعلام، قسم العلاقات العامة.

مروى الســعيد الســيد، 2021، اتجاهات النخبه نحو دور المتحدث الرســمى لوزارة الصــحة و الاســكان فى ادارة ازمة كورونا – دراسه ميدانية، مجلة البحوث الاعلاميه، العدد (56) الجزء (3) ص. 1150-1206.

(Ratna Damayanti & others, 2017) ("وتەبێژی دامەزراوەکان لە سۆشیال میدیا، کێ دەبێ بەناوی دامەزراوەکەی قسە بکات لە کاتی قەیراندا؟) Indonesia Defense University پێشکەشکراوە.

1 Austin, L. and Jin, Y. (2018) Social Media And Crisis Communication, Routledge, New York. Rutledge,p86،2- Both S. A,(1993), Crises Management Strategy, London

&aqs=chrome.1.69i57j0i512l9.4054j0j15&sourceid قاموس+المعاني=oq&قاموس

https://www.almaany.com

Jeffrey (2019). Cyber Crisis Management Planning: How to reduce cyber risk ،3- Crump and increase organizational

Johan E, spillon & siliam Rick Crandall: Crisis planning in the Nonprofit Sector: Should occur? Southern Business Review, Spring 2002, p18.

---

ناوی پسپۆرانی هەڵسەنگێنەری فۆرمی ڕاپرسی:[i]

| | | |
|---|---|---|
| 1- پ. د هێرش رسول مراد | یاساو ئیتیک | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی. |
| 2- پ. ی. د کاروان محمد | تەلەفزیۆن | زانکۆی سلێمانی. |
| 3- پ. ی.د بەهات حەسیب | تەلەفزیۆن | زانکۆی پۆلیتکنیکی هەولێر. |
| 4- پ. ی. د سادق حەمەغریب | میدیاو قەیران | زانکۆی سەلاحەدین. |
| 5- پ. ی. م هەردەوان محمود | ئابوری راگەیاندن | زانکۆی سەلاحەدین. |